# سەدام بەئیمتیازەوە شایستەی قەنارەبوو، دەبوو ئەو حوکمەیشی بەهۆی تاوانەکانی لەدژی گەلی کورد لە(ئەنفال)ەکاندا بەسەردا بسەپێنرێت

## ئەحمەد ئەبو مەتەر - رووناکبیری ناسراوی فەڵەستینی بۆ ئاڵای ئازادی



**رووناکبیرو نوسەری ناسراوی فەڵەستینی د. ئەحمەد ئەبو مەتەر، لە ساڵی ١٩٤٤ لە فەڵەستین لەدایک بووەو ئێستا لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج نیشتەجێیە. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە زانکۆی ئەسکەندەریە بەدەستیهێناوە. د. ئەحمەد ئەبو مەتەر ئێستا سەرقاڵی نوسینی توێژینەوەی زانستی ولێکۆڵینەوەی ئەکادیمییەو ژمارەیەک کتێبی زۆری بەچاپ گەیاندووە، دواین کتێبیشی بەم نزیکانە دەربارەی رای نوسەران و بیرمەندانی عەرەب بۆ رووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر لەئەردەن چاپ دەکرێت. ئەحمەد ئەبو مەتەر رووناکبیری ناسراوی فەڵەستینی ناوێکی گەورەی مەیدانی داکۆکیکردن لە دۆزی کوردەو بەیەک لە دۆستە نزیکەکانی شۆڕشی گەلی کوردستان حسابی بۆ دەکرێت، زۆر لەسەر دۆزی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد وتارو لێکۆڵینەوەی نوسیووە، لەو دیدارەدا دەربارەی ئەنفال و دادگاییکردنی سەرانی بەعس و بڕیارەکانی دادگا رای خۆی بۆ ئاڵای ئازادی روونده‌کاتەوە.**

---

**ئاڵای ئازادی: خوێندنەوەتان بۆ پرسی ئەنفال دوای ئەو هەموو دانیشتنەی دادگا لەبارەیانەوە، بەتایبەتیش کە وێنەی تاوانە قێزەونەکان ئێستا لەرێی گەواهیەکانەوەو لەرێی ئەو بەڵگەنامانەوە کە دەدرێنە دادگا کەوتۆتە ئاشکرابوون لەبەرچاوی هەمواندا؟**

ئەحمەد ئەبو مەتەر : من پێم وایە تاوانی ئەنفال تاوانی کۆمەڵکوژییەو تاوانێکی دژی مرۆڤایەتییە بەروونیو بەبێ هیچ گومانێک، ئەوەی وەک گەواهییەکی مەیدانیو لەلایەن کەسانێکەوە درایە دادگا کە خۆیان لەرووداوەکاندا ژیاونو ئەو هەموو بەڵگەنامانەی خرانەڕوو، ئەوە دەهێنێ کە بەشدارانی ئەو تاوانە تێکڕا حوکمی مردنیان بەسەردا بدرێت لەگەڵ شەرمندەیی بەئیمتیازەوە، چونکە ئەوانە بکوژن، بکوژن بەبڕیاری پێشوەختو بە نەخشەداڕشتنەوە دژ بەسەدان هەزار کەس لەرۆڵەکانی گەلی خۆیان. ئەوەی جێی سەرسوڕمانیشە لەئەقڵی ئەو بکوژانەدا ئەوەیە کە تاوانەکەیان بەناوی (ئەنفال)ەوە ناوناوەو ناوی سوورەتێکی قورئانی پیرۆزیان بەکارهێناوە، هەموو بەیانە سەربازییەکانیشیان بەدرێژایی هەر هەشت قۆناغەکەی ئەو تاوانانە بەئایەتێکی ئەو سوورەتە دەست پێدەکرد، سەدان هەزاریشیان لەرۆڵەکانی گەلەکەیان لەوانەی کردبوویاننە ئامانج بە (دوژمنی گومڕا) ناودەبرد، ئەو تاوانە بەکۆمەڵانە بەدرێژایی مێژوو وەک (هۆڵۆکۆست)ێک دەمێننەوە دژی گەلی کوردی برا، چ کوردو چ عەرەبیش لەوانەی ویژدانیان هەبێت لەو بکوژە تاوانکارانە خۆش نابن.

**ئاڵای ئازادی : دەرکردنی سزای لەسێدارەدان دژی سەدام حسێنو دواتر ئەنجامدانی ئەو سزایە لەسەر پرسی دوجەیل بەتەنها، بەبۆچوونی ئێوە ئەو حوکمە لەسەر ئاستی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی لەبایەخی پرسی ئەنفالی کەم نەکردەوە؟**

- ئەحمەد ئەبو مەتەر : سەدام حسێن-ی بکوژی تاوانکار وەک پێشتریش نووسیومە بەئیمتیازەوە شایستەی قەنارەیە، دەبوو ئەو حوکمەیشی یەکەم بەهۆی تاوانەکانی لەدژی گەلی کورد لە(ئەنفال)ەکاندا بەسەردا بسەپێنرێت ئینجا بەهۆی کێشەی (دوجەیل)ەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاوانگەلێک هەن ناکرێ بەهۆی ئەو مەسەلە تەکنیکییانەوە لەبایەخیان کەم بکرێتەوە، تاوانەکانی سەدام حسێن وەک تاوانکارێک هەموو پێکهاتەو نەتەوەکانی گەلی عێراقی گرتۆتەوە، ئەگەرچی تاوانەکانی دژی گەلی کورد لەهەموویان قەبەترو قێزەونتر بوون، مێژووش ئەوەی بۆ دەنووسێت کە لەپای هەموو ئەو تاوانانە لەسێدارەدراوە نەک تەنها لەپای تاوانەکەی دوجەیل، بەڵگەش ئەو هەموو توێژینەوەو دۆکیومێنتانەن کە لەبارەی تاوانەکانی ئەنفالەوە لەبەردەستدانو ئێستا لەسەر ئاستی عەرەبیو نێودەوڵەتیو لەرێی چەندین سەنتەری توێژینەوەو کۆنگرەی نێودەوڵەتییەوە بایەخیان پێدەدرێت.

**ئاڵای ئازادی : دوای دەرچوونی حوکم بەسەر ئەوانەدا کە تاوانەکانیان بەسەردا ساغ بۆتەوەو دواخستنی هەندێک حوکمی ترو دواتر دەستکردنەوە بەدانیشتنی دادگا، ئایا یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە رێگرێک لەبەردەم چەوسێنەرانی گەلی کورداو پارێزگارێکی کورد لەو بەشانەی تری کوردستاندا کە هێشتا بەبەرچاوی یاسای نێودەوڵەتییەوە رووبەرووی سیاسەتەکانی چەوساندنەوەو باری نائاسایيو پێشێلکردنی ماف دەبنەوە؟**

ئەحمەد ئەبو مەتەر : - من پێموایە تەنها لەسێدارەدانی هەندێک لەوانەی نەخشەیان بۆ ئەو تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵانە داڕشتوەو ئەوانەی ئەنجامیانداوەو هەروەها یاسای نێودەوڵەتیش نابنە بەربەست لەبەردەم ئەوانەدا کە گەلی کورد دەچەوسێننەوەو ئەوانە بەس نین بۆ پارێزگاری کردن لەکورد لەبەشەکانی تری کوردستاندا. چونکە بکوژەکان لەسەر تاوانەکانی خۆیان دەژینو پێیان وایە هەرگیز دەستی داد نایانگاتێ، ئەگەرچی هەندێکیان دەستی داد پێیان گەیشتوە، ئەوەتا مردنی هیتلەری تاوانکاری نازیستو مۆسۆلینی-ی فاشیست نەبوە رێگر لەبەردەم دەرکەوتنی تاوانکارێکی وەک سەدام حسێن. پێویستە بزاڤێکی نێودەوڵەتی دەست پێ بکرێت بۆ پاراستنی هەموو ئەو کەمینەو نەتەوانەی رووبەرووی چەوساندنەوە دەبن، بەرپرسیارێتیی یەکەمیش دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێی کاری خێراوە بۆ دامەزراندنی نیشتمانێکی دیموکرات کە هەموان تیایدا هەمان مافو ئازادیو ئاسایشیان هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو نیشتمانە ببێتە سیمبولێک بۆ وڵاتانی دراوسێ کە هێشتا لەسایەی زوڵمو چەوسانەوەدا ژیان بەسەر دەبەن، بەراشکاویش وەک دۆستێکی گەلی کورد دەیڵێم، ئەو رەوتە لەهەرێمی کوردستاندا خێرا نیە، دەبێت کورد لەسەر گۆڕەپانی واقیع بەدراوسێ عەرەبیو ئێرانیو تورکییەکەی بڵێت، ئێمە لەپێناوی دامەزراندنی ئەم نیشتمانە دیموکراتەدا کە دەسەڵاتی دامەزراوەو یاسای تێدا بەرقەرارە، خەباتمان کردوەو بەرگەی ئەنفالو جۆرەها تاوانی ترمان گرتوە.

**ئاڵای ئازادی: ئەگەر دانیشتنەکانی دادگای تایبەت بە پرسی ئەنفال تەواو بوون، دوای ئەو هەموو قوربانییەی کورد کە ژمارەیان لە ١٨٢ هەزار کەس تێپەڕی لە کوژراوو ئاوارەو زیندەبەچاڵکراودا، ئایا حوکمی لەسێدارەدانی تەنها ئەو شەش تۆمەتبارە بەس دەبێت، یان دەبێت دەستی داد بگاتە بەرپرسو کەسانی تر کە خاوەنی بڕیار بوون لەجێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالدا؟**

ئەحمەد ئەبو مەتەر:- پێموایە خەڵکانێکی زۆر هەن بێجگە لەو شەش کەسە دەبێت دادگایی بکرێن، ئەو شەش کەسە ئەو تاوانکارانەن کە پلانەکەیان داڕشتوەو فەرمانیان پێ دەرکردوەو چاودێریی بەئەنجامگەیاندنەکەیان کردوە، بەڵام دەیان کەس هەن لەو گەورە ئەفسەرانەی فەرمانەکانیان جێبەجێ کردوەو تیمە سەربازییەکانیان جووڵاندوەو فەرماندەییان کردوون، دەبێت ئەوانەش دادگایی بکرێن بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ کەسانی تر لەپاشەرۆژدا، تا کەسی تر وەک ئەوان نەبێتە ئەڵقە لەدەستی تاوانکاراندا و نەبێتە شەریک لەو جۆرە تاوانانەدا، چونکە ئەگەر یەکێک لەوانە سەرپێچی بکردایە لەکاتی خۆیدا ئەوانەی تریش چاویان لێدەکردو رەنگ بوو ئەوسا زۆر پێش ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ دکتاتۆر برووخایە

---

# سەدام حوسێنو رژێمەکەی شایستەی سزایەکی مێژوویی توند بوون

## جاسم ئەلمتەیر نووسەری عیراقیی نیشتەجێی هۆڵەندا بۆ ئاڵای ئازادی



**جاسم ئەلمتەیر، نووسەرێکی عیراقیی نیشتەجێی هۆڵەندایە و بە بەردەوامی نوسینی لە رۆژنامەو سایتە عەرەبیەکان دەبینرێت، بەتایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە وتاری لە بارەی عێراق و دادگاییکردنی سەرانی بەعسەوە نوسیوە.**

---

**ئاڵای ئازادی: خوێندنەوەتان بۆ پرسی ئەنفال دوای ئەو هەموو دانیشتنەی دادگا لەبارەیانەوە، بەتایبەتیش کە وێنەی تاوانە قێزەونەکان ئێستا لەرێی گەواهیەکانەوەو لەرێی ئەو بەڵگەنامانەوە کە دەدرێنە دادگا کەوتۆتە ئاشکرابوون لەبەرچاوی هەمواندا؟**

جاسم ئەلمتەیر - تاوانەکانی ئەنفالو قوربانیانی ئەو تاوانانە، لەنزیکەی بیست ساڵ لەمەوبەرەوە، جێی بایەخو بەدواداچوونی زۆرێکی بەدامەزراوە جیهانییەکان بوون، لەدامەزراوەی ئەکادیمیو سیاسیو میدیاییەوە، چ لەئەوروپا یان لەشوێنانی تری جیهانیش، ئەو بایەخە بەجۆرێک بوو کە هیچی کەمتر نەبوو لەبایەخدانو بەدواداچوونی دامەزراوەو پارتە نیشتمانییەکانی عیراق خۆی، بەدامەزراوەو پارتە کوردیەکانیشەوە.

مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە چالاکییەکانی تایبەت بە خۆئامادەکردنی عیراقیو جیهانی بۆ ئیدانەکردنی تاوانو غەریزەو ئارەزووە سەرپێیەکانی سەدام حسێنو رژێمەکەی لەپەیڕەوکردنی توندوتیژیی رەگەزپەرستانە دژی گەلی کورد، کۆنترن لەو دیمەنە گشتییەی یەکەمین دانیشتنەکانی دادگای ئەنفال بەهێزو گوڕەوە ئاشکرایان کرد، ئەو ئاشکراکردنەی دادگاش بێگومان سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیعترافاتی سەرزارەکی پۆلێک لەگەورەتاوانکاران لەنێو قەفەزەکانی تۆمەتبارییەوە کە بوونە پاڵپشتی راستکردنەوەی هەموو ئیددیعاو بەڵگەنامەکانی دامەزراوە میدیاییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی، ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لەکۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە رژێمی عیراقیی خستە بەر لێپێچینەوەی رای گشتیی جیهان لەپای تاوانەکانی ئەنفال، بگرە لەپای هەموو ئەو مەینەتییانەی بەسەر گەلی کورددا هاتوون لەسەر خاکی عیراقدا، ئەو عیراقەی رژێمەکەی بەکوشتو بڕو تیرۆرو تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵی مرۆڤ بەڕێوەی دەبردو هیچ جیاوازییەکی نەدەکرد لەنێوان سووتاندنی دێهاتی کوردو لەناوبردنی دانیشتوانی هۆڕەکانی باشوورو لەسێدارەدانی سەربازە سادەکانی سەربازگەکانی مەشق بەبیانووی ئەوەی سەر بەحزبی شیوعینو راوەدوونانی ئاوارەکانی دەرەوەی نیشتمانو کوشتنیان بەبیانووی ئەوەی بەرهەڵستیی رژێم دەکەن.

لێرەوە دەکرێت بوترێت ئەرکی دادگای ئەنفال تەنها گوزارشت کردنێکی یاسایی هەستپێکراوە بۆ ئەو تاوانانە، گوزارشت کردنیانە بەدەستەواژەی دادپەروەریو یاسا، ئەو دەستەواژانەشن کە تاوانکارەکان وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی پاشەڕۆژ شایستەن بکرێتە ملیان بۆ ئیدانەکردنی دەسەڵاتی تاکەکەسو تاکەحزب لەپاشەڕۆژدا.

**ئاڵای ئازادی : دەرکردنی سزای لەسێدارەدان دژی سەدام حسێنو دواتر ئەنجامدانی ئەو سزایە لەسەر پرسی دوجەیل بەتەنها، بەبۆچوونی ئێوە ئەو حوکمە لەسەر ئاستی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی لەبایەخی پرسی ئەنفالی کەم نەکردەوە؟**

جاسم ئەلمتەیر: - رژێمی سەدام حسێن یەک تاوانو سەد تاوانی ئەنجام نەداوە، بەڵکو هەزاران تاوانی ئەنجامداوە، بەدرێژایی ٣٥ ساڵی لەمێژووی دڵرەقانەی ئەو دکتاتۆرە تەنها یەک بەهای ئەخلاقو جوانمەردی نەیتوانیوە دەرباز بێت لێی، بەڵکو بوونی ئەو لەسەر ترۆپکی دەسەڵات پێچەوانەی سادەترین بەهای سروشتو مرۆڤایەتی بوو. لێرەوە دەتوانم بڵێم بوونو نەبوونی ئەو گومڕایە لەناو قەفەزی تاواندا هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە هەر خۆی خاوەنی بڕیاری سەرەکیو یەکەمی ئەو تاوانە گەورەیەی دژ بەمرۆڤایەتی بوو.

بەش بەحاڵی خۆم وائەزانم گەمەی پەلەکردن لەکوشتنی دوای ئیدانەکردنی وەک تاوانکارێک لەکێشەی دوجەیلدا، گەمەیەکی لێزانانە بوو کە رەنگە رۆڵی خۆی هەبێت کە سەقامگیرکردنی ئاسایشی عیراق، بەتایبەتیش کە هێشتا دەنگێکی زۆر لەسەر ئاستی جیهانی هەن داوای نەهێشتنی یاسای لەسێدارەدان دەکەن لەسەرانسەری جیهاندا.

سەدام حسێن لەگۆڕی لەسێدارەدانەکەیدا گەیشتە دواهەمین خاڵی خۆی، ئەوەش هیچ لەبایەخی تاوانەکانی کەم ناکاتەوە لەدادگای ئەنفالدا کە ئێستا بەبێ بوونی خۆی لەقەفەزی تاواندا بەڕێوەدەچێت، هەموو تاوانە فەردیو بەکۆمەڵەکان بەشێوەیەکی تەجریدیو بەگوێرەی ئیفادەی دۆستو شەریکە تاوانەکانی (لەحزبو دەسەڵاتدا) هەر بەدەوری ئەودا دەسووڕێنەوە.

نە ئامادەبوونو نە ئامادە نەبوونی سەدام لەدادگای ئەنفالدا نابنە دەرفەتێک بۆ ئەوەی شتێک لەهەستی گەلی عیراق یان هەستی رای گشتی جیهانی بەرامبەر سروشتی تاوانکارانەی خۆیو رژێمەکەی کەم بکات، خۆیو رژێمەکەی ئێستا لەلایەن هەر یاساناسێکی مرۆیی دادپەروەرو بەئینساف لەم سەردەمە شەفافەدا ئیدانەکراون.

**ئاڵای ئازادی : دوای دەرچوونی حوکم بەسەر ئەوانەدا کە تاوانەکانیان بەسەردا ساغ بۆتەوەو دواخستنی هەندێک حوکمی ترو دواتر دەستکردنەوە بەدانیشتنی دادگا، ئایا یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە رێگرێک لەبەردەم چەوسێنەرانی گەلی کورداو پارێزگارێکی کورد لەو بەشانەی تری کوردستاندا کە هێشتا بەبەرچاوی یاسای نێودەوڵەتییەوە رووبەرووی سیاسەتەکانی چەوساندنەوەو باری نائاسایيو پێشێلکردنی ماف دەبنەوە؟**

جاسم ئەلمتەیر - هیچ یاسایەک نیە، نە نێودەوڵەتیو نە ناوخۆیی، نە ئەرزیو نە ئاسمانی، هیچ مزگەوتێکو هیچ کڵێسایەک نیە، بتوانێت بەتەواوی ببێتە بەربەست لەبەردەم چەوساندنەوەی گەلی کورد یان هەر گەلێکی تر لەگەلانی جیهان. راستە کە یاسا نێودەوڵەتییەکانو جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤو بەها ئاینییەکانو بنەما مرۆییەکانی تر تێکڕا برێک هێزو گوڕی ئەوەیان تێدایە رێ بەگومڕایی بگرنو هەندێک رۆڵ لەوەدا بگێڕن کە پارێزگاری لەگەلی کورد یان هەر گەلێکی تر بکەن، بەڵام راگرتنی یەکجارەکی نەوسنیی سەرکوتگەریو کوشتوبڕو زەوتکردنی ماف تەنها لەرێی گەل خۆیەوە دەبێت، لەرێی خەباتی نەپساوە گەل خۆیەوە بۆ دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتخوازی راستەقینە شان بەشانی سیستمێکی دادگەرایی دادپەروەرو بێلایەنو بوێر.

دڵرەقی دەسەڵاتدارانو کاردانەوەو هەڵەکانیان لەهەموو گۆڕەپانەکانداو لەهەموو حاڵەتەکاندا بەیاساگەلێک راناگیرێ کە تەنها لەسەر کاغەز بوونیان هەیە. بەڵکو بەوە رادەگیرێت کە سیاسەتمەدارانی دڵسۆزو کەسانی رۆشنبیرو پیاوانی دادگەرایی رۆڵی خۆیان لەدەوڵەتو کۆمەڵدا بگێڕن، وەک پسپۆڕگەلێک کە سازو تەیار بن بۆ پرسە مرۆییەکانو بەهاکانی دادپەروەری بڵاو بکەنەوەو دەسەڵاتداران بکەنە نۆکەری گەل لەبری ئەوەی سەرکوتگەری گەل بن، کە ئەمەش یەکەمین بنەمای دیموکراسییە.

**ئاڵای ئازادی: ئەگەر دانیشتنەکانی دادگای تایبەت بە پرسی ئەنفال تەواو بوون، دوای ئەو هەموو قوربانییەی کورد کە ژمارەیان لە ١٨٢ هەزار کەس تێپەڕی لە کوژراوو ئاوارەو زیندەبەچاڵکراودا، ئایا حوکمی لەسێدارەدانی تەنها ئەو شەش تۆمەتبارە بەس دەبێت، یان دەبێت دەستی داد بگاتە بەرپرسو کەسانی تر کە خاوەنی بڕیار بوون لەجێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالدا؟**

جاسم ئەلمتەیەر - بەگوێرەی پرسیارەکەتان پێدەچێت ئێوە بڕواتان وابێت سزایەک هەیە قورستر لەسزای لەسێدارەدان، منیش وەک خۆم لەگەڵتان نیم نە بەو مانایەو نە بەو تەسەورە.

هەموو تاوانێک سزای دیاریکراوی خۆی هەیە، دەبێت ئەو کڵێشە سادەیە ببێتە پێودانگی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکو پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتدارو رەعیەت. دەسەڵات ئەمانەتێکە لای دەسەڵاتداران، ئەگەر دەسەڵاتداران خیانەتیان لەو ئەمانەتە کرد ئەوە شایستەی سزای یاسایی دەبن، من بەش بەحاڵی خۆشم لەگەڵ هیچ سزایەکی جەستەییدا نیم، نە ئەشکەنجەو نە لەسێدارەدانو نە مل پەڕاندن، وەک ئەو سزایانەی زۆر دەسەڵاتداری تاوانکار لەجیهاندا پەیڕەویان کردوەو لەنێویاندا خودی سەدام حسێن خۆی.

سەدام حسێنو رژێمەکەیو حزبەکەی شایستەی سزایەکی مێژوویی توند بوون کە زۆر بەرزترین تۆڵەی مێژووییە، هەروەک لەرووی یاساییشەوە لە ستوونی سێدارە باڵاترەو کاریگەریی قووڵتری هەیە بۆ سەر ئەو دەروونە نەخۆشەی دەسەڵاتداران ئەگەر لەپاشەڕۆژدا دەربکەوێتەوە. گەلی کوردیش بەخەباتی درێژخایەتی خۆی توانی سەرەنجامێکی ئیجابیی باش بپچڕێت کە لەئایندەدا وەک گەواهییەک بمێنێتەوە لەسەر ئەوەی ئەم گەلە بچووکە رۆژگارێک توانیوێتی سوپەرێکی پتەو بخوڵقێنێت بۆ ئەوەی ژیانێکی ئازادو دیموکراتانە بۆ نەوەکانی داهاتوو زامن بکات.

کۆمەڵگای مەدەنیی داهاتووی عیراق مەدالیای خەباتی کورد لەیەخەی خۆی دەدات، ئەویش مەدالیایەکە بەبێ هیچ گومانێک هێما دەبێت بۆ مەزنی ئەو گەلەو بچووکی گومڕاو خۆ بەزلزانەکان.